# هەڵەبجە،تەرمێکی بە هەیبەت

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

بۆنی ژەهر ئەکەم ، بچمە ئەوسەری کەونیش ئەم بۆنە لێم نابێتەوە ، وەك ناوی خۆم ، وەکو هەوا شوێن پێکانم هەڵئەگرێت و دێتە سەر سفرە لەگەڵما و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی هەموو کتێبێکا ئەو وەك قارچك هەڵئەتۆقێ و بە زمانی مەرگ ئەمدوێنێت ، بە زمانی ئیزرائیل هەڕەشەم لێ ئەکات ، من ئەم ژەهرە نەعلەتییەم لە کۆڵ نابێتەوە ، یەخەم توند ڕائەوەشێنێ و پڕم ئەکاتەوە لە "هەڵەبجە" ، لێوڕێژم ئەکات لە هەناسەی تەرمە بێ خوێنەکان ،ئەستێرەی کشاوی چاوەکان ؛ وێرانم ئەکات ، وێران بەپێکەنینە نەپژاوەکەی کۆرپەکەی "عومەری خاوەر "و بە هاوارە سڕبووەکانی " عەنەب" و " کانی ئاشقان و " باخی میر " و هەر هەموو خڕکە بەردو گڵ و خۆڵ و کانییە چاو بەڵەکەکان .

من هەر خۆم ئەم ژەهرە ئەناسم ، هەر خۆم ئەزانم چۆن دەست و پەنجەی تێك ئالاوی عاشقانی کرد بەڕەژوو ، جانتای قوتابخانەی منالانی کرد بە بەرد و گۆرانیی کرد بە زێمار و قاچەکانی پیاسە کردنی کرد بە وشکە دارێکی بێ باران .

کەس تێم ناگات ، کەس لەم زمانە بڕاوەم حاڵیی نابێت ،هەر وەکو چۆن کەسێ نەیویست "هەڵەبجە" بگەیەنێتە ئەو بەری حەسارەکانی مردن ، کەسیش خەمی ئەوەی نەبوو فرمێسکی هەڵکرووزاوی منداڵێ بکات بە ژێر چنگێ گڵەوە بۆ ئەوەی تەم لێی نەنیشێت .

من نە خەڵکی هەڵەبجەم و نە گوندێکی دەروون شیتاڵ شیتاڵ بووی هەڵەبجە ، من خۆم هەڵەبجەم خەڵکینە ، دەمێك ساڵە لە ژێر تاوێرەکانی غەدرا نرکە نرکم دێت و گوێیەك نەبوو بمبیستێت ،نێڵە نێڵ لە ژەهرا ئەسووتێم و دڵۆپێ هەنگوین زاری تاڵی بەسەر نەکردمەوە ، من هەڵەبجەم و گەورەترین جنێوم کە تا ئێستا بە بەشەرییەت درابێت ، قووڵترین برینم پەی بە ئازارەکانی نەبرابێت ، مەزنترین تەرمی شەهیدی خوێن لەبەر نەڕۆیشتووم ، من بەم ئازارانەوە ڕوو لەهەر شوێنێك بکەم غەوارە نیم ، کەچی دەستی سڵاوێك نابینم بە بزەوە بۆم بەرز بکرێتەوە .

**من هەڵە بجەم ، هەموو ساڵێ لە شانزەی سێ دا پێنج هەزار " نور" ی ئەسحابە ئەڕژێنمە سەر ڕووی زەمین بۆ ئەوەی بزانن من بە خنكاوییش هەناسەكانم بۆنی بخووردیان لێ دێت ، من بە خنكاوییش ئەتوانم جوان بم ، بە سووتاوییش لە مێخەك ئەچم ، بە وەریوییش لە مێرغوزار و بەڕاكشاوییش لە "بەمۆ " و بە توینێتییش لە "سیروان" ئەچم ، من هەڵە بجەم .**